

# لەکۆی ٧٠٠٠ ڕۆژنامەنووسی هەرێم تەنیا ٤٩ ئافرەت سەرنووسەرن

**لەکۆی ٧٠٠٠ ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ٩٩٧ ئەندام ئافرەتن، بەڵام ڕێژەی سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی ئافرەت ١٪ یش نییە. ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش وەك تێکڕای کایەکانی دیکەی کۆمەڵگە دەسەڵاتی ئافرەتی سنووردارکردووەو پۆستە باڵاکان بۆ پیاوان قۆرخ کراون.**

### هەنگاوەکانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی سستن

«بەوپێیەی کە ڕێژەی ئافرەتی کورد لەئاستی بڕیارداندا زۆر کەمە، لە وەرگرتنی پۆستەکاندا ڕووبەڕووی کۆمەڵێ گرفت دەبێتەوە.

بەهار عەلی ڕۆژنامەنووس و چالاکی بواری مافەکانی ئافرەت، وایگوت، ئەو چالاکوانە هێما بۆ ئەوەش دەکات کە هەنگاوەکانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە هەنگاوەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و نۆژەنکردنەوە و بیناکردن لاوازترو سستترە، جگە لەوەی لە بواری سیاسیشدا ئافرەتان پەراوێزخراون و ڕێژەی بەشداری ئافرەت لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسیدا زۆر کەمەو لەئاستی پێویستی کۆمەڵگەدا نییە، ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئافرەت توانای وەرگرتنی بەرپرسیارێتی نییە، بەڵکو نەریت و عورفە کۆمەڵایەتییەکان زاڵە بەسەر سەرکەوتنی ئافرەتدا»، وتیشی «بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بەربەستانەی کە هەیە، پێویستیمان بە کاتی زیاترو هەوڵ و تێکۆشان و خەباتی زیاتر هەیە، چونکە تاوەکو ئێستاش تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بەربڵاوە.

### ڕۆژنامەنووسانی ئافرەتی بەتوانا، غەدریان لێکراوە

گەرچی ئافرەتانی بە ئەزموون و کارامەو بەتوانا لە بواری ڕاگەیاندن کەم نین، لە هەرێمی کوردستانیش ٩٩٧ ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانن ئافرەتن، بەڵام زۆر جار باسی ئەوە دەکرێ کە ئەو ئافرەتانەی لە بواری ڕاگەیاندن بەرپرسیاریەتی باڵایان هەیە، بە هۆی ئەوەیە کە «باوك یان هاوسەریان بەرپرس و کەسایەتی کاربەدەستن» ئەوەتا ئالان محەمەد وەك ڕۆژنامەنووسێك دەڵێت «گەرچی غەدر کراوە لە ڕۆژنامەنووسانی بە توانای ئافرەت کە ژمارەیان زۆرە، بەڵام ئەو ژمارە کەمەش کە ئێستا پۆستی سەرنووسەرییان وەرگرتووە، لەسەر تواناو کارامەیی خۆیان نییەو تەنیا بە هۆی ئەوەیە کە کەسی نزیکی بەرپرسێکن»

### ئافرەتی بەڕێوەبەر چەندان مقۆمقۆی لەسەر دەکرێ

سۆنیا سدیق سەرنووسەری گۆڤاری تاوی کۆمەڵایەتی، لە دەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە نەك لە بواری ڕۆژنامەگەری، بەڵکو لە تێکڕای بوارەکانی دیکەو لە هەموو وەزارەتەکان ئافرەتی زۆر بەتوانا هەن، بەڵام سوودیان لێوەر نەگرتوون. وتیشی «هۆکاری پەراوێزخستنی ئافرەت زۆرن، بەڵام هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان زیاترن و تائێستاش هزری عەشایەری بەسەر کۆمەڵگەکەماندا زاڵە، تاوەکو ئافرەتێك دەکرێتە بەڕێوەبەر چەندان مقۆمقۆ و گفتوگۆی بەرفراوانی لەسەر دەکرێ، کەچی ڕۆژانە بە دەیان و سەدان پیاوی بێ توانا دەکرێن بە بەڕێوەبەری گشتی، بەداخەوە هەمیشە ئافرەت پاشکۆی پیاو بووە، تەنانەت لە دامودەزگە و فەرمانگەکانیش، وێڕای ئەوەی کە ئافرەت هاوکاری ناکرێت و پشتگیری پێشکەش ناکرێت، تواناکانیشی بە هەند وەرناگیرێت، تەنانەت لە ناوەندەکانی بڕیاردانیشدا ئافرەت بۆچوونی وەرنەگیراوە، پێموایە هەموو ئەو هۆکارانە بۆ بوونی کۆمەڵگەی باڵادەستی پیاو دەگەڕێتەوە، پیاوی ئێمە ئەوەی قبووڵ نییە کە مونافسەکەی ئافرەت بێت، بەڵکو هەمیشە حەز دەکات موناڧەسەوکێبڕکێ لەگەڵ پیاو بکات، هەربۆیە ئافرەتی زۆر بە توانامان هەیەو دەرفەتی پێنادرێت تواناکانی بخاتەڕوو، جگە لەوەی کە فکری حزب زاڵە بەسەر دامودەزگەکانی ڕاگەیاندن، ئەگەر ڕۆژنامە و گۆڤارێکیش سەربەخۆ بن».

### میدیا بەدەست کۆمەڵێك قەیران و کێشەوە دەناڵێنێ

هاوژین عومەر، کە خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە ئەدەب و ڕۆژنامەگەری، سەبارەت بە هەمان پرس رایوایە «میدیای کوردی لەبەر ئەوەی هەر لەسەرەتاوە بەشێوەیەکی ئەماتۆرییانەی ناپیشەگەر لەدایك بووە، بۆیە بەدەست کۆمەڵێك قەیران و کێشەوە دەناڵێنێ، بەشێکی زۆری ئەو کێشانەی کێشەی بوونیەوین، زۆر بەڕوونی لە مەسەلەکانی تێگەیشتن لە کاری ڕۆژنامەنووس لە کۆمەڵگە، پەیڕەوکردنی بنەما ئیتیکییەکانی پیشەی ڕاگەیاندن، ئەدای دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکان بەرامبەر بە پرسە جیاجیاکانی کۆمەڵگە دەبیندرێت، هەر بۆیە بەشێك لە فاکتەرەکانی کەمی ژمارەی خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرانی ئافرەت بۆ ئەو کێشانە دەگەڕێتەوە، لە هەمان کاتدا فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت ڕێگریکردن لە ژنان لە مومارەسەکردنی کاری ئیعلامی و نەزرەی نادروستی کۆمەڵگە بەرامبەر ئەو ژنانەی لەو بوارە کاردەکەن هۆکاری بنەڕەتی ئەو حاڵەتەن». وتیشی «زۆرینەی کۆمەڵگەیەك کە لای ئاسایی نەبێ ژنانی وەك هەر قوتابییەك زانستییانە لە بەشە جیاجیاکانی ڕۆژنامەگەری لە پەیمانگە و کۆلیژەکان ڕۆژنامەگەری بخوێنێ، حەتمەن ڕێگری دەکات لە پراکتیزەکردنی ئەم پیشەیە لەلایەن مێینەکانی. لەڕووی چەندایەتی و ژمارەوە ڕێژەی ئافرەتانی میدیاکار بە بەراورد لەگەڵ پیاوان ڕێژەیەکی نابەرامبەرە، دەکرێ بڵێم ڕێژەکە هێندە لێکدوورە جێگەی بەراوردکردن نییە، بۆیە لەم سۆنگەیەوە ئاساییە کە ڕێژەی بەرپرسیارییەتیشیان لە دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان کەم بێ».

هاوژین هۆکارێکی دیکەی ئەو حاڵەتەی بۆ شێوەی بیرکردنەوەی دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان بەتایبەتی بەڕێوەبەر و بەرپرسی ئەو دەزگایانە گەڕاندەوە کە «ئافرەت وەك دیکۆر و جوانکاری دەزگاکانیان بەکاردەخەن، بێئەوەی ڕێگە بدەن پشکداری جەوهەرییان لە بەڕێوەبردنی ئەو دەزگایانە هەبێ، یان تەیار و ئامادەیان بکەن تا لە داهاتوودا ڕۆڵی کەسی یەکەم لە دەزگاکان بگێڕن، لەهەمان کاتدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە بەشێکیش لە فاکتەرەکانی ئەم حاڵەتە بۆ خودی ئافرەتانیش دەگەڕێتەوە .

سەبارەت بەوەیش کە بۆچی تەنیا ژنی بەرپرسان دەبنە خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەر، وتی «بێگومان ئەم مەسەلەیە لە تواناو لێهاتوویی دوورە بەڵکو



گرێدراوی ئەو پاشـــەگەردانییەیە کە بەهۆی هەندێك لە بەرپرسانەوە بواری رۆژنامەوانی و سەرجەم بوارەکانی دیکەی ژیان لە کوردستان تووشی بووە، بەبڕوای من گەر سەرنووســـەری هێندەی ئەندام پەرلەمانیەتی چەور بوایە ئەوا لەپێناو مێینەکانی خۆیان سیســـتەمی (کۆتا)یان لەو بوارەش بە عورف و قەرار دەکرد».

### زۆربەی سەرنووسەرە ئافرەتەکان هاوسەر و کەسی نزیکی بەرپرسانن

ستیڤان شـــەمزینی سەرنووسەری گۆڤاری شـــەپۆل، سەبارەت بە هەمان تەوەری ڕاپۆرتەکەمان دەڵێت «ئافرەتانی ئێمە تەنیا کێشـــەیان ئەوە نییە، سەرنووســـەر، یان بەڕێوەبەری یەکەمی دەزگاکانی راگەیاندن نین، بەڵکو ئێمە هێشـــتا رۆژنامەگەرییەکمان هەیە بە عەقڵ و گوتاری نێرســـالارانە دەهزرێت و مامەڵە دەکات. راگەیاندنی کوردی هێشتا راگەیاندنێکە دەیەوێ لە دیدێکی پیاوانەوە خۆی بگشـــتێنێت. بێگومان لەم نێوەندەدا کەمتر بوار بۆ ئافرەت دەڕەخســـێت تاکو پێشبکەوێت و ببێتە کەسی سەرەکی و یەکەم لە دەزگاکانی راگەیاندن و کاری رۆژنامەنووســـیدا». شەمزینی جەختی لەوەش کردەوە کە «هێشـــتا ئافرەتی ئێمە، ئافرەتێکی تەقلیدییەو شانازیی بەوەوە دەکات دایك یان کابانێکی باشـــە، هیچ بەشدارییەکی ئەوتۆی نییە لـــە ژیانی سیاســـیی و ئابووری و فەرهەنگیدا، ئەمـــەش زیانی نەك بۆ خودی خۆی، بەڵکو بۆ هەموو کۆمەڵگە هەیە، چونکە ســـڕبوونی نیوەی کۆمەڵگە هیچی تر نییە جگە لە ئیفلیج بوونی هەموو کۆمەڵگە. ئەوەش هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاســـیی خۆی هەیە»، گوتیشـــی «هێشـــتا روحی تەحەدا لەسەر ئاستی ئیستسنا نەبێت، لە ئافرەتی کورددا نایبینم. خولاسەی قسەکانم ئەوەیە، وێڕای ئەوەی ئافرەتانمان هەن لە بواری رۆژنامەگەریی کە دەشـــێ زۆریش چالاك بن، بەڵام بەهۆی پشـــتکردنی کۆمەڵگە لە مێینە و نەبوونی سەرکێشـــی لای ژنی کورد، هێشـــتا ژنی کورد ئەو شانســـەی نەبووە، وەك بەرپرسی یەکەم لە دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەنووســـی دەربکەوێت. هەر ئەمەش کۆمەکمان دەکات بۆ ئەوەی تێبگەین. بۆچی زۆربەی سەرنووســـەرە ژنەکان هاوســـەرو کەسی نزیکی بەرپرسەکانن، چونکە ئەوان هەلی باشتریان بۆ هەڵکەوتووە بە حوکمی ئەو فەزا کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی تێیدا دەژین».

### ١٦٪ی ئەندامانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئافرەتن

حاکم ئازاد حەمەدەمین نەقیبی ســـەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ســـەرەتا ئاشـــکرای دەکات کە ڕێـــژەی ١٦٪ی ئەندامانی ســـەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردســـتان ئافرەتن، وتیشی «هەر لە سەندیکا لیژنەی رۆژنامەنووســـانی مێینـــەی خانمانـــی رۆژنامەنووس هەیـــە، لە دوای کۆنگرەی ســـێ بواری زیاترمان بە ئافرەت داوە، بەرپرســـی لقی دهۆك ئافرەتە، بەرپرسی نووسینگەی خانەقین ئافرەتە، ئەندامانی لق ڕێژەیەکی باشـــی ئافرەتی تێدایە»، ســـەبارەت بە هـــۆکاری کەمبوونی ئافرەتانی سەرنووســـەریش وتی: وەك چۆن ڕێژەی ئافرەت لە تێکڕای پۆســـتەکانی دیکـــە کەمە، لە حکومەت و پەرلەمان و دامودەزگەکان ڕێکخراوەکان، لەم بوارەش بە هەمان شێوەیە، ئەوەش مانای ئەوە نییە کە ئافرەت کەم توانایە، بەڵام بەهۆی سروشتی کۆمەڵگەو ئەرکەکانی ئافرەت، کارکردن لەم بوارەدا بۆیان قورسترە.

### لایەنی ئابووری ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت

تانیا جەمال راگەیاندنکار و چالاکی مافی ئافرەت، ســـەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە ئێســـتا بە بەراورد لەگەڵ سالانی پێشـــوو، ڕۆژنامەنوسێکی زۆری رەگەزی مێینە دەرکەوتوون، وتیشـــی: بەرلە سالانی نەوەدەکان بیرم دێت چەند ئافرەتێکی زۆر کەم بووین، کە دەکرا ببینە سەرنووســـەرو خاوەن ئیمتیازیش هەرچەندە ئەو کاتە، زیاتر لە ئێســـتا کاری رۆژنامەنووســـی قورســـتر بوو، هەموو کارەکان بە ماندووبونی جەستەو فکر بوو، وەك ئێستا نەدەکـــرا لەڕێگەی مۆبایـــل و ئیمێل و فەیســـبووکەوە پێوەندی بکەی و پرســـیارەکان بنێری و کۆنتاکت ئاســـان نەبوو، جگە لـــەوەی وەزعەکانیش قورستر بوون، ئینجا سەرنووسەریشمان تێدا هەڵدەکەوت و ئەوکاتە خاتوونی نووسەر و رۆژنامەنووس ســـەرفراز نەقشبەندی سەرنووسەر بوو، لە دوای ئەو من بوومە سەرنووســـەر، بەڵام کە ئێســـتا سەرنووسەری تەنیا بۆ ژنە بەرپرســـەکان بێت، ئەوە هەڵوەســـتەی دەوێت، چونکە ئەو ژنە بەڕێزانەی کە ئەمڕۆ هاوســـەری بەرپرسانن و خاوەن گۆڤار و رۆژنامەن، ئەوانەن کە پێش ئەوەی ببنە هاوســـەری بەرپرســـەکانیش، خولیای رۆژنامەنووسییان هەر هەبووە، بەڵام فرســـەتیان نەبووەو ئێستا ئەم فرسەتەیان بۆ هاتۆتەپێش، ئەمەش دوو لایەنەیە لەســـەرێکەوە جێگەی دەستخۆشـــین و پێویستە هان بدرێـــن، چونکـــە ژنگەلێکی زۆرمان هەیە کە هاوســـەرەکانیان بەرپرس و دەوڵەمەندن و جگە لە زێڕکڕین و ســـەفەرکردن و بازرگانی کردن کارێکی دیکە ناکەن، لە هەمانکاتیشـــدا ئەوە مانای ئەوە نییە کە رۆژنامەنووسی بەتوانامان نییە، بەڵام بابەتەکە هەمووی لایەنی مادی و ئابوورییە ئەگەر ئافرەتێك خۆی بتوانێت لەڕووی ئابوورییەوە گۆڤارێك دەربکات لەو باوەڕەم ڕێگـــری زۆر نەبێت، بەڵام تا ماددە لە دەســـت پیـــاودا بێت، ئافرەت بۆ دەرکردنی گۆڤارێك پێویســـتی بە پیاوان دەبێت، جا ئەو پیاوە، هاوســـەری بێت، یان لایەنی حکوومی.. یان حزبی بێت .

شـــایانی ئاماژەپێدانە بەپێی دوائامارەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردســـتان، ٦٣٢ گۆڤار و ڕۆژنامە لە هەرێمی کوردســـتان دەردەچن کە ٤٩ سەرنووســـەر و ٣٥ خاوەن ئیمتیازیان بـــەر ئافرەتان کەوتووە و لەکۆی ٧٠٠٠ ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش ٩٩٧ ئەندامی ئافرەتن.

**بەهار عەلی:**

**گەیشتن بە یەکسانی و ئازادی و نەهێشتنی جیاکاری پێویستی بەخەباتی زیاتری خودی ئافرەتان هەیە**

**هاوژین عومەر:**

**گەر سەرنووسەریی هێندەی پەرلەمانتاریی چەور بوایە ئەوا بەرپرسان سیستەمی(کۆتا)یان بۆ ئافرەتانی نزیکی خۆیان دەردەکرد**

**حاکم ئازاد حەمەدەمین:**

**دوای کۆنگرەی سێ، بواری زیاترمان بە ئافرەت داوەو ئێستا بەرپرسی لقی دهۆك بەرپرسی نووسینگەی خانەقین ئافرەتن**

**سۆنیا سدیق:**

**ئافرەتی بەتوانامان زۆرە، بەڵام پیاوی ئێمە ئەوەی قبووڵ نییە کە مونافسەکەی ئافرەت بێت**

**تانیا جەمال:**

**ئەو ئافرەتە سەرنووسەرانە پێش ئەوەی ببنە هاوسەری بەرپرسەکانیش خولیای رۆژنامەنووسییان هەبووە**

**تێکەڵکردنـــی قوتابییـــان لـــە قۆناغەکانی خوێندن خوێندنەوەی جیـــاوازی بۆ دەکرێـــت، ڕایەك بەباشی دەزانێت هەر لە قۆناغی بنەڕەتییـــەوە کچان و کوڕان جیا بکرێنەوە، بۆ ئـــەوەی بە نەریت و ئاییینـــی خۆیـــان زیاتر پابەند بن، بەپێچەوانـــەوە ڕایەکیش بە کارێکـــی ئەرێنی و پێویســـتی دەزانێت و جەخـــت لەوە دەکاتەوە کە ئەو تێکەڵکردنە کرانەوەیەکی تەندروستی کۆمەڵایەتی دروست دەکات و سەرکێشییەکانی قۆناغی نەوجەوانی کەم دەکاتەوە.**

**جیاکردنەوەکە لە پێش قۆناغی خوێندن دەست پێدەکات**

«یەکێك لە گرنگترین کێشـــە سەرەکییەکانی زۆربەی کومەڵگـــە ڕۆژهەڵاتییەکان لەوەدا کۆدەبێتەوە کەهەردوو ڕەگەز بەبیرێکی ڕەگەزییانـــە مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن و هیـــچ کامێکیان بیر لەوە ناکەنەوە کە هەردوولا مرۆڤـــن، ئیتر بۆچی لەیەکتری جیـــا ببنەوە، بەجۆرێك ئـــەم نەریتە نەك لەکوردســـتان لە زۆربـــەی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکانیـــدا بوونی هەیە». ئەوە دەســـتپێکی قسەکانی هێژا ســـەعید بوو. ئەو پسپۆری پەروەردەییە پێش ئەوەی باسی تێکەڵکردنی قوتابیان لە قۆناغەکانی خوێندن بکات، بە پێویســـتی دەزانێت هێما بۆ سەردەمی منداڵی هەردوو ڕەگـــەز بکات،»جیابوونەوەی هەردوو ڕەگـــەز لـــە منداڵییەوە واتـــە پێش قۆناغـــی خوێندن دەســـتپێدەکات، بەوردی ئەمەش دەبینرێـــت، بۆ نموونە ئەگـــەر کەمێك ورد بینـــەوە، دەبینین کە منداڵانی کچ زیاتـــر خۆیان بەماڵەباجێنەو بووك بووکێن و یارییەکانی وەك خـــەت خەتێن و پەت پەتێن دەبەنەســـەر، کوڕانیش خۆیـــان بە یارییەکانی وەك تۆپانـــێ و یاری تری وەك زۆرانگرتن دەبەنەســـەر، ئەمە خۆی لەخۆیدا نەریتێکی کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە کۆمەڵگە لەمنداڵییەوە وەها لەکچ دەکات کە خۆی لە تێکەڵاوبوونی کوڕان بپارێزێت، بەجۆرێـــك ئەگەر کچێك لەگەڵ کـــوڕان یاری تۆپانێ بکات، بە کچێکی کوڕانی ناو دەردەکات، کوڕێکیـــش ئەگەر یاری ماڵەباجێنە بکات، بە کوڕێکی کچانی دەناسرێت، لەبـــەر ئەمە هـــەردوو ڕەگەزەکە خۆیـــان لەیاریکردنی یەکتـــری بەدوور دەگرن، ئەمـــە نەریتێکە لەو تەمەنەوە بەرەوە قۆناغێکی تر دەیانبات، کە ڕەنگە ئەو دوو ڕەگەزە بەرەو قووڵبوونەوەی ناکۆکی ڕەگەزی بچن». سەبارەت بەجیاکردنـــەوەی هـــەردوو ڕەگەزیـــش لەقۆناغەکانی خوێندندا هێژا ســـەعید وتی «ئـــەوە دەرئەنجامی ئەو نەریتە کۆمەڵایەتییانەیە کە کۆمەڵگە دروستی کردووە، چونکـــە کۆمەڵگەیـــەك کە لە منداڵییـــەوە کچ و کوڕ لەیەکتری جیابکاتەوەو یارییەکانیان بە شـــێوەیەکی جیا بۆدەستنیشـــان بکات، چۆن ئەو منداڵانە لە قوتابخانە پێکەوە دادەنێت؟ ».

**سیستەمی پەروەردەی سویدی و نەهێشتنی جیاکاری**

لەســـاڵی (٢٠٠٧)دا کۆنفرانســـی پەرەوەدەیی بەسترا، کە تیایدا باس لە دانانی سیســـتەمی ســـویدی کرا بۆ قوتابخانەکان و بەپێی ئەو سیستەمە دەبوو قوتابخەکانی کـــوڕان وکچان نەمێنن و تێکـــەڵاو بکرێن. کەچی هەتا ئەمڕۆش بەشـــێکی زۆر و زۆربـــەی قوتابخانەکان هەر جیـــاوازن، ئەمەش بۆ ئـــەوە دەگەڕێتەوە کـــە هەر ئەو کات مامۆســـتایانی ئایینی دژایەتـــی خۆیان بۆ ئەو بڕیـــارەی حکومەت دەربـــڕی و بە شـــتێکی دوور لە نەریتی کۆمەڵگەیان وەســـفکرد. لەبەر ئەوە هەتا ئێستا قوتابخانەکان هەر بەجیاوازی ماونەتەوە، جگەلە هەندێك قوتابخانـــەی نموونەی نەبێت، کـــە تێکەڵاو کراون. ئەو پسپۆڕە پەروەردەییە جەختی لەوەش کردەوە کە کاتێك نەریتی کۆمەڵگە شتێك دەستنیشان بـــکات، کەس ناتوانێت ڕێگـــری لێبکات،



بەتایبەتی لە ڕووی ئاینییەوە. وتیشی «فتوای مامۆستای ئایینی لە سەرووی هەموو سیستەمێکە، ئەگەر سیستەمێکیش دابنرێت بۆ تێکەڵاوکردنی قوتابخانەکان، ئەوا زۆر ئاساییە زۆر کەس منداڵیان لەقوتابخانە دەردەهێنن .

### کۆمەڵگەی ئێستا هەزمی تێکەڵکردنی نەوجەوانان ناکات

توێژەری کۆمەڵایەتی هانا عوسمان، نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بە «ڕێگری سەرەکیی بەردەم تێکەڵاوکردنی کوڕان و کچان» دەزانێت و هەرلەو بارەیەوە وتی» کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری توندڕەوە، هەر ئەوەش وایکردووە، نێرو مێ واتە کچ و کوڕ هەر لە قۆناغی منداڵی لە یەکتر جیا بکەنەوە، جیاکردنەوەی کوڕان و کچانیش لە قوتابخانەکاندا نەریتێکی کەلتووری و پڕ لەقەیرانەو کۆمەڵگەی دواکەوتوو ناتوانێت هەزمی ئەوە بکات کە کوڕ وکچ لە قۆناغێکی هەستیاری وەك تەمەنی نەوجەوانی لەتەنیشت یەکتری و لە یەك پۆل بخوێنن».

ئەو کۆمەڵناسە دروستبوونی کەلتووری جیاکاری ڕەگەزیی بە کەلتووری رەسەنی کوردی نازانێت، چونکە «ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەبینین کچان و کوڕانی کورد هاوبەش بوون لە ژیانداو ئەو جیاکارییە زەقانە بوونی نەبووە، لەگوند و شارەکاندا کوڕان و کچان لە ئاهەنگەکاندا ڕەشبەڵەکیان کردووەو ئەو کەلتوورە لە هەڵپەڕکێی کوردیدا تا هەنووکەش ماوە، ئەگەر لە هەڵپەڕکێی کوردی وردبینەوەو تەنیا ئەوە بە نموونەیەك وەربگرین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لەکۆندا کوڕ و کچی کورد بەگشتی هەردوو ڕەگەز زۆر تێکەڵاو بوون و ئەو جیاوازییەی کە ئەمڕۆ هەستی پێدەکرێت شتێکی کۆن نییە. بەڵکو نەرتێکی هاوردەی کۆمەڵگەی عەرەبیە، وەك دەزانین لە کۆمەڵگەی دوورگەی عەرەبدا، ئافرەت نەك تەنیا لە نێر جیا کراوەتەوە، بەڵکو کچی خۆیان زیندەبەچاڵ کردووە، ئەمەش باشترین بەڵگەیە کە ئافرەت لای ئەوان مرۆڤی پلەدووش نەبووەو هەرگیز وەك کەسێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە.

### ئەو جیاکارییە کەلتووری بیانییە نەك کورد

ئەو توێژەرە جەختی لەوەش کردەوە کە نەریتی جیاکردنەوەی هەردوو ڕەگەز لەو کاتەوە دەستی پێکردووە، کە نەریتی خێڵەکیی عەرەبی بۆ کوردستان هاتووەو بووە بە بەشێکی نەریتی ئەم کۆمەڵگەیە، وتیشی «جیاکردنەوەی هەردوو ڕەگەز شتێکی زۆر تازەیەو رەنگە بگەڕێتەوە بۆ سەدساڵێك لەمەوبەر کە نەریتی عەرەب بە تەواوەتی هاتەنێو کۆمەڵگەکەمانەوە، بەجۆرێك ئەگەر کەمێك وردبینەوە لەو ناوچانەی کوردستان کە دوورن لە نەریت و کەلتووری دەوروبەر، بەهیچ شێوەیەك ئەم جیاکاری ڕەگەزییە هەستی پێناکرێت، چونکە ئەم جیاکاری رەگەزییە تەنیا لەکۆمەڵگەی دەوروبەر هەیە، لەکۆمەڵگەیەکدا هەیە کە تەنیا نەوت توانی لە بیابانەوە بیکات بە ئاوەدانی.

بەڵام گەلاوێژ ساڵح وەك مامۆستایەکی قۆناغی بنەڕەتی، تێکەڵاوکردنی کوڕان و کچان لەناو قوتابخانەدا زۆر بە پێویست دەزانێت، وتیشی «گەر منداڵان لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی واتە لە منداڵی و هەرزەکاری پێکەوەبن، دواتر لە قۆناغی زانکۆش هیچ کێشەیەکیان نابێت، بەڵام بەهۆی ئەو نامۆییە بەرامبەر بە یەکتری هەیانە، زۆر جار لە قۆناغی زانکۆش ناتوانن مامەڵەیەکی تەندروستیان پێکەوە هەبێت، بۆیە بەگشتی پێکەوەبوونیان شتێکی زۆر باشەو هەمیشە هەردوو ڕەگەز بەیەکەوە دەبنە تەواوکەری توانا فکرییەکانی یەکتر و بەئاسانی دەتوانن سەرکەوتن بەدەستبهێنن».

ئیسماعیل لەتیف ئیسماعیل، قوتابی پۆلی شەشەمی تێکەڵاوە لە قوتابخانەی بەرخۆدان، ئەو رایوایە زۆر سوودی لە قوتابخانەی تێکەڵاو وەرگرتووە، هێما بۆ ئەوەش دەکات کە پێشبڕکێیەکی جددی لە نێوان کچان و کوڕان بۆ وەرگرتنی نمرە بەرز هەیەو ئەوەش بە هۆکارێك بۆ هەوڵی زیاتر لە خوێندن دەزانێت، لە بارەی خۆیشی وتی»من لە منداڵییەوە دەچمە مزگەوت و نوێژی خۆم دەکەم، لە قوتابخانەی تێکەڵیش دەخوێنم و تا ئێستاش هیچ کێشەیەکم نەبووە، ڕاستە لە پۆلێکین، بەڵام وەك خوشك و برامان لێهاتووە.

**کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری توندڕەوە، هەر ئەوەش وایکردووە، نێرو مێ واتە کچ و کوڕ هەر لە قۆناغی منداڵی لە یەکتر جیا بکەنەوە**

**ئەم جیاکاری رەگەزییە تەنیا لەکۆمەڵگەی دەوروبەر هەیە، لەکۆمەڵگەیەکدا هەیە کە تەنیا نەوت توانی لە بیابانەوە بیکات بە ئاوەدانی**

**گەر منداڵان لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی واتە لە منداڵی و هەرزەکاری پێکەوەبن، دواتر لە قۆناغی زانکۆش هیچ کێشەیەکیان نابێت**

## تێکەڵاوکردنی قوتابیان لە قۆناغەکانی خوێندن سەرکێشییەکانی نەوجەوانی کەم دەکاتەوە



## ئایا گرنگیدان بەرۆژی خۆشەویستی کاریگەری لەسەر نەهێشتنی توندوتیژییەکان دەبێت؟

# ڤالانتاین ج ڕەنگدانەوەیەکی لە کۆمەڵگەی کوردی هەیە؟

ڕۆژی ٢/١٤ی هەموو ساڵێك كە (ڤالانتاین) ناسراوە، وەك ڕۆژی خۆشەویستی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان یادی دەكرێتەوەو لەم ڕۆژەدا هاوسەران و بەتایبەتی توێژی لاو بەكڕینی دیاری بۆ خۆشەویستەكانیان هێمایەك لە عەشق و خۆشەویستی بێخەوشی خۆیان پێشكەش بە یەكترە دەكەن و پەیمانی وەفاداری تاهەتایی بۆ یەكتری نوێ دەكەنەوە. لە هەرێمی كوردستانیش ڕوانگەی جیاواز هەیە بۆ یادكردنەوەی ئەو ڕۆژەی كە قەشەیەك بە ناوی خۆی لە مێژوودا تۆماری كرد.

### دەرفەتێكی لەبار بۆ پەرەپێدانی بەهاو جوانییەكانی خۆشەویستی

نووسەر و سیاسەتوان عارف روشدی، سەبارەت بە ڕوانگەی خۆی بۆ ڕۆژی ڤالانتاین وەك ڕۆژی جیهانی خۆشەویستی، پێشەكی هێما بۆ ئەوە دەكات كە «ئەگەر بیر لە جوانییەكانی ژیان بكەینەوە، بیر لە عەشقی مانەوەو ئازادییەكان بكەین، بیر لە پیرۆزی مرۆڤ بكەین، ئەوكاتە لە توندوتیژی یاخی دەبین و نەفرەت لە هەر جۆرێكی هەڵسوكەوت دەكەین كە لە ئاست مرۆڤدا بێ ڕێزی بنوێنێت»، وتیشی هەرچەندە ڤالانتاین لای ئەوروپاییەكان زۆر دێرینەو چەند ساڵێكە لە كوردستان ناسراوە، پێموایە دەرفەتێكی لە بارە لەو ڕۆژەدا بەها جوانییەكانی خۆشەویستی پەرەپێبدرێت و ڕاگەیاندن شیكاری پێویستی بۆ بكات، لە هەمووی گرنگتر پێویستە خۆشەویستی ببێتە ڕەوشت و ڕۆشنبیری لە كۆمەڵگەی كوردەواریدا، من لەو باوەڕەم ئەگەر لە واتاو ڕامانی دروستی خۆشەویستی بگەین، ئەكرێ بەردەبازێكی گونجاو بێت بۆ پەڕینەوە لە زەلكاوی توندوتیژی».

پ.د. شوكریە ڕەسوڵ، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت « ئەگەر خۆشەویستی بەوە لێكبدەینەوە كە بریتی بێت لە پەیوەست بوون و گرنگیدان بە هەردوو ڕەگەز، دۆستایەتی و تێكەڵاوی، ئارەزوویەكی لەبن نەهاتووی مرۆڤایەتی بۆ ئەو خۆشەویستییە، هەموو كۆبكەینەوەو بە هەستێكی جیهانی ببەستینەوە، ئەوانەی خاوەن هەستی خۆشەویستین هەمیشە لە هەست و نەستەكان چێژ وەردەگرن و چێژیش دەبەخشن، با ئەو عەشق و خۆشەویستییەی لە ڕۆژی ڤالانتایندا خۆشەویستان بە یەكتری دەبەخشن، ببێتە نەریتێك و هەموو جومگەكانی كۆمەڵگە بگرێتەوە و لێبوردەیی بكەین بە سەرمەشقی ژیانمان، با ئیتر هەوڵبدرێت ڕەگی توندوتیژی لەناو دڵەكان دەربهێنین و خۆشەویستی بكەینە دروشم و سەرمەشقی ژیانی ڕۆژانەمان».

### خۆشەویستی لای كورد بەهای تایبەت بە خۆی هەیە

ڕێزان سابیر فەرمانبەر لە سەرۆكایەتی زانكۆ، ئاماژە بەوە دەكات كە «پیاو لە دێرزەمانەوە هاوسەرەكەی خۆی وەك سەرنشین یان كرێچی سەیر كردووە و لە هەر وێستگەیەك پێی خۆش بووە، بەڕێی كردووە، بەڵام خۆشەویستی لای كورد بەهای تایبەت بە خۆی هەیە»، گوتیشی «ئافرەتانی كورد بەوەفا بوون بەرامبەر بە خۆشەویستییان و لە تەنگانەترین ڕۆژەكاندا خۆشەویستی خۆیان بۆ هاوسەر فەرامۆش نەكردووە، تەنانەت لە ڕۆژانی سەختی پێشمەرگایەتی ئافرەت هاودەم و هاوسەفەری هاوسەرەكەی بووە، ئافرەت لە كاتی غیابی هاوسەرەكەیدا لە یەك كاتدا هاوسەر و دایك و بەخێوكەری خێزان بووە، بەڵام زۆرجار پیاو ئەو فیداكارییەی هاوسەرەكەی لەبەرچاو نەگرتووەو بە دەیان جاریش توندوتیژی دەرهەق كردووە، خۆزگە ڕۆژێك لە ڕۆژان پیاوی ئێمەش بگەنە ئەو ئاستەی كە لە زمانی لێبووردەیی تێبگەن، بۆ ئەوەی عەشق و خۆشەویستی جێگە بە ڕق و كینی لەق بكات و توندوتیژیش لە گۆڕبنێت».

### عیشق چەشنی ئاو پەیوەستە بە ژیان و بوونەوە

### ئایا پەرەدان بە ڕۆژی خۆشەویستی و گرنگیدانی زیاتر بەو ڕۆژە دەبێتە هۆكارێك بۆ كەمكردنەوەی توندوتیژییەكان؟

هاشم سەراج نووسەر و شاعیر، لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت «دووركەوتنەوە لە توندوتیژی هەم پێوەندی بە جۆری كۆمەڵگەوە هەیە، هەم بە ئاستی هۆشیاری تاكەوە، هەڵبەتە خەسڵەتی توندوتیژی زۆرتر لە كۆمەڵگەی بەتریاركی، یان باوكسالاری و نێرسالاریدا پراكتیزە دەكرێت كە زۆرتر لە كۆمەڵگەی خۆرهەڵاتیدا ئافرەت لەڕووی ڕەگەزەوە





دەچەوسێندرێتەوە». ئەو نووسەرە ناسراوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە کۆمەڵگەی نێرسالار ئەو مافەی پیاو بۆخۆی بە ڕەوای دەبینێت، هەمان ماف بەشایانی ئافرەت نابینێت، هەڵبەتە کۆمەڵگەی کوردیش بەشێکە لە کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی، ئەمەیان وەك دیدو نیگایەك بە گشتی، لەسەرئاستی تاکەکەسی زۆرجار خۆشەویستی لەنێوان تاکەکاندا دنیای خۆی یا خودی خۆی بەدیاردەخات، وێڕای خۆسەپاندنی سیستم ودەسەڵاتی باوکسالاری، چونکە عیشق چەشنی ئاو پەیوەستە بە ژیان و بوونەوە ئەمە وەك لایەنی نەرم ونیانی ئاو بۆیە دەکرێ چەمکی خۆشەویستی لەنێوان کوڕو کچان ئەگەر بەشێوازێکی پەنهان و شاراوەش بێت جۆریك بەردەوامی بە خۆشییەکانی بوون و ژیان ببەخشێت و دژبە توندوتیزییەکانی کۆمەڵگە بوەستێت»، هاشم سەراج وتیشی «ئەڤین هەمیشە جۆرێك لە خۆشگوزەرانی دەخوڵقێنێت، ئەم جۆرە عیشق و ئەڤینەش تاڕادەیەك لە کۆمەڵگەی کوردیدا بوونی هەیە، ئەم سەردەمەش لەجیهاندا بەگشتی کە سەردەمی جیهانگیرییە بمانەوێ و نەمانەوێ وا لە خێزان و دەسەڵاتە سیاسییەکان دەکات کە بەخۆیاندا بچنەوە وهێندە لەئازادییەکانی تاك کەم نەکەنەوە بەتایبەتی چینی گەنج کە ئامانج و خولیای زۆرە و پێویستی بە ژیانێکی جیاواز و پێداویستی جیاواز هەیە».

مامۆستا دڵشاد مەحموود، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «لە هەموو ساڵێك لە ٢/١٤ ڕێوڕەسمی ڕۆژی خۆشەویستی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت و لەو ڕۆژەدا بەتایبەتی توێژی لاو بەکڕینی دیاری بۆ خوشەویستەکانیان هێمایەك لە عەشق و خۆشەویستی پاك پێشکەش بە یەکتر دەکەن و پەیمانی وەفاداری تا هەتایی بۆ یەکتری نوێ دەکەنەوە، پێویستە ئێمەی کوردیش لە بەرامبەر یەکتر و خاك و نیشتمان سۆز و وەفاداریمان هەبێت، چونکە بە درێژایی مێژوو زوڵم و چەوسانەوە بەرۆکی بەرنەداوین، ئافرەتیش لەم نێوەندەدا پشکی شێریان بەرکەوتووەو توندوتیژی خێزانیش لەولا بوەستێت کە بۆتە مۆتەکە لەسەر ژیانی ئافرەت بە شێوەیەکی گشتی».

**هۆشیاری خێزانی و ڕۆڵی میدیا دوو فاکتەری بنچینەیین**

هونەرمەند نەورۆز خەفاف: ڕۆژی ڤالانتاین ڕۆژێکی زۆر گونجاوە بۆ کارکردن لەسەر کەمکردنەوەی توندوتیژی، نابێت لەبیرمان بچێت کە هۆشیاری خێزانی و ڕۆڵی میدیا دوو فاکتەری بنچینەیین بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و جیاکاری، چونکە توندوتیژی خێزانی ئافاتێکی کوشندەیە و لە خێزانەوە بۆ کۆمەڵگە دەگوازرێتەوە، بە بۆچوونی من زۆرجار چارەسەری تۆڵەسەندنەوە دەبێتە هۆی توندوتیژی نواندن، خۆ ڕاهێنان لەسەر لێبووردەیی و سنگفراوانی شانبەشانی عەشق و خۆشەویستی دەلاقەیەکە بۆ دەرباز بوون لە کردار و چەمکی توندوتیژی.

**پێویستە ڕوانگەی پیاو بۆ ئافرەت لە موڵکەوە بۆ خۆشەویستی بگۆڕدرێت**

لە ڕوانگەی فەریبا محەممەدی بێژەری کەناڵی ئاسۆسات، خۆشەویستی و عەشق لە هەموو بوارەکانی ژیان گرنگییەکی تایبەتی هەیە چ لە ژیانی هاوبەش، چ لە بوارەکانی دیکە، عەشق و خۆشەویستی مەرجی یەکەمە بۆ سەرکەوتن لە هەر کار و بارێکی ژیاندا. ژیانی هاوبەشیش زیاتر لە هەر بوارێکی دیکە پێویستی بە خۆشەویستی و عەشقە. وتیشی «ئەگەر کوڕ و کچێك دەیانەوێت بچنە نێو پرۆسەی ژیانی هاوبەشەوە، بێگومان پێش هەر شتێك دەبێ سۆز و خۆشەویستیان بەرانبەر بە یەکتر هەبێت، کە ئەمەش تەنیا مەرجی سەرکەوتن نییە، بەڵام مەرجی سەرەکییە. چونکە ژیانی هاوبەش پێویستی بە لێکتێگەیشتن و لەخۆبوردن و فیداکاری هەر دوو کەسەکە هەیە، بۆیە ئەگەر لە ژیانی هاوبەش خۆشەویستی و لێکتێگەیشتن هەبێت بێگومان توندوتیژی وسووکایەتی پێکردنیش بە هەمان رادە کەم دەبێتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە لەو ڕوانگەیەوە سەیری ژن یا هاوسەرەکانیان دەکەن کە موڵکی ئەوانن و دەبێ ملکەچی هەموو خواست و داواکارییەکانیان بن. ئەم ڕوانگەیە وایکردووە، هەر ئەو پیاوەی کە زۆر هاوسەرەکەی خۆش دەوێت، بە بچووکترین هەڵەی هاوسەرەکەی دەست دەداتە توندوتیژی، بۆیە پێویستە ڕوانگەی پیاو بۆ ئافرەت لە موڵکەوە بۆ خۆشەویستی و عیشق بگۆڕدرێت»..

نەبەز محەمەد، نووسەرێکی چالاکەو گومانی هەیە لەوەی »لە فەرهەنگ و دابونەریتی کوردەواریدا، کورد بتوانێت لەڕێگەی ئەم چەشنە لە خۆشەویستی زاڵ ببێت بەسەر توندوتیژیدا، لەبەرئەوەی ئەم چەشنە لە خۆشەویستی کە فەرهەنگی ئێمە پێی ئاشنایە لە خۆشەویستییەکی نێرسالاری ناترازێت»، وتیشی «ئەم چەشنە لە عیشق فرەڕەهەند نییە و تەنیا بەشێوەیەکی غەریزەیی بەرامبەر بە کچان و باشتر بڵێم لە لەشولاری کچان مومارەسە دەکرێت، عیشق بە مانا فەلسەفەییەکەی بۆ ژیان لەفەرهەنگی ئێمەدا ئامادەیی نییە، ئەم فەرهەنگە باوە شێوێنراوەی ئێستای کورد فەرهەنگێکی ژیان دۆست نییە، زیاتر لە هەر شتێ ڕۆژانە توندوتیژی خۆی بەم فەرهەنگەدا مەلاس دەدات و ڕەوایی بۆ خۆی پەیدا دەکات، بە واتایەکی تر پاڵنەرو هۆکارو بیانووەکان ئەوەندە زۆرن بۆ توندوتیژی وەك بڵێیت ئێمە ناتوانین بە بێ توندوتیژی لەگەڵ ژیان هەڵبکەین».



پ. شوکریە ڕەسوڵ:

**با ئەو خۆشەویستییەی لەڕۆژی ڤالانتایندا بە یەکتری دەبەخشن، ببێتە نەریتێک و هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە**




عارف روشدی:

**ئەگەر لە واتاو رامانی دروستی خۆشەویستی بگەین، ئەکرێ بەردەبازێکی گونجاو بێت بۆ پەڕینەوە لە زەلکاوی توندوتیژی**



هاشم سەراج:

**سەردەمی جیهانگیری وا لە خێزان و دەسەڵاتەکان دەکات کە بەخۆیاندا بچنەوە و هێندە لەئازادییەکانی تاک کەم نەکەنەوە**



ڕێزان سابیر:

**گەر لە زمانی لێبوردەیی تێبگەین عەشق و خۆشەویستی جێگە بە رق و کینە لەق دەکات و توندوتیژیش لە گۆڕدەنێت**